## دەروازەکانی شەری نێوان ئەمریکاو ئێران لە کێ دەکرێتەوە ... وهاب شاه محمد

چەند رۆژێکە شەرو پێکدادانێکی توند لە نێوان ئیسرائیل و (حزب اللە) ی لوبنان بەرپابووە، ئەم شەرەش هەموو ناوچەکانی ولاتی لوبنانی گرتۆتەوە. ئیسرائیل لە هەموو لایێکەوە پەلاماری لوبنان دەدات و جێ نەماوە بۆردمانی نەکات. هۆیەکانی ئەم شەرەو پەرەسەندنی ناکرێت تەنها ببەسترێتەوە بە ململانێ نێوان رێکخراوی (حزب اللە) و ئیسرائیل، بەڵکو پەیوەندی بە ململانی نێوان هەموو ئەو هێزانەی ناوچەکە هەیە لەگەڵ یەک لە لایێک، پاشان ململانێ نێوان ئەو هیزانەو تاکە زلهێزی جیهان کە ئەمریکایە.

هەردوو ولاتی ئێران و سوریا کار بۆ بەربلاوکردنی بەرەکانی ململانێ خۆیان دەکەن لە گەڵ ئەمریکا لە ناوچەکە، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە کاریگەری زۆر و پەیوەندێکیتووندیان لەگەڵ هەندێ ریکخراوی بە ناو ئیسلامی و ناسیونالیستی عەرەبی هەیە. مەبەست لەم سیاسەتی بەربلاوکردنەوەی بەرەکانی شەرە دوورخستنەوەی هەرەشەو مەترسیکانە بەرامبەر خۆیان کە پاش هەردوو جەنگی ئەفغانستان و عیراق هاتە پێشەوە. ئەمریکا چەند سالێکە پرۆسەێکی سیاسی بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست دارشتوە، ئەم پرۆسەش ترس و لەرزیکی زۆری بۆ ئەم دوو ولاتە پەیداکردوە. بێجگە لە پرۆسە ئەمریکێکە بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست،

پاش هەموو ئەو هەولانەی چەند مانگی رابردووی نێوان یکێتی ئوروپاو ئێران لە لایێک وە کۆبوونەوەکانی ولاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی لە گەڵ دەسەلاتدارانی ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئەتۆمێکەی ئەم ولاتە لە لایێکی ترەوە، چەند رووداوێکی سیاسی و سەربازی سەریان هەلدا کە دەکرێت هەر هەمووی گرێبدرێت بە کیشە ئەتۆمێکەی ئێران و ململانێ نێوان هەردوو ولاتی ئێران و سوریا لەگەڵ ئەمریکا لە ناوچەکە.

ماوەێکە ئەمریکاو هاوپەیمانانی هەردوو ولاتی سوریاو ئێران تاوانبار دەکەن کە دەستێکی زۆریان لە نائارامی و رووداوە دلتەزێنەکانی ناوچەکە هەیە. رەوشی ئاسایشی ناو عیراق بە جۆرێک ترسناک بووە، کە لەوانەیە شەرێکی ناوخۆی زۆر خراپی بە دواوە بێت کە هەموو ناوچەی رۆژهەلات بگرێتەوە، هەردوو ولاتی سوریاو ئێران بەوە تاوانبار دەکرێن کە دەستێکی بالایان لە خۆشکردنی ئەو شەرە ناوخۆیەی ناو عیراق هەبێت. مقتدی الێدر و رێکخراوەکەی، هەندی لایەنی ئیسلامی سوونی و شیعە وە هەموو پاشماوەو لایەنگیرانی بەعس لە عیراق بەوە تاوانبار دەکرێن کە لە لایەن ئێران و سوریاوە پشتگیری دەکرێن و ئەم دوو ولاتەن کە نەخشە بۆ بەرنامەو کارەکانیان دیاری دەکەن. هەردوو ولاتی ناوبراو بەوە تاوانبار دەکرێن کە بۆ تێکدانی رەوشی ناو عیراق و شکستهێنان بە پرۆسەکەی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراست چەند ریکخراوێکی ئیسلامی و ناسیونالیستی دژ بەیەکیان لەناو عیراق پێکهێناوە کە رۆژانە سەدەها خەلکی بێگوناهی ئەم ولاتە دەکوژن. ئەم رێکخراو و گرووپە درووستکراوانەی هەردوو ولاتی ئێران وسوریا بێجگە لە شەری یەکتر هەر هەموویان بە ناوی ئیسلام و ناسیونالیسمەوە شەری ئەمریکاو حکومەتی عیراقیش دەکەن.

پێش ئەم شەرەی ئێستای نێوان (حزب اللە) ی لوبنان و ئیسرائیل کە بە فراندن و کوشتنی چەند سەربازێکی ئیسرائیلی سەری هەلدا، رێکخراوی ئیسلامی حەماس کە بە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئێران و سوریا ناودەبرێت کارێکی لەو جۆرەی (حزب اللە) ی ئەنجامدا، بەلام لەبەر کاردانەوە سەربازیە توندەکەی ئیسرائیل بەرمابەر فەلستینێکان و دژایەتیکردنی ئەم کارەی (حماس) و هەلوێستەکانی لە لایەن ولاتانی ناوچەکەو هێزە فەلەستینێکان، توانی تا رادەێک رێگا لە گەشەکردنی شەرەکە بگرێت.

دیارە ئەو کارەی ڕێکخراوی حماس بە بەشێکی تری هەوڵەکانی هەردوو وڵاتی ئێران و سوریا چاولێدەکرێت بۆ بەربڵاوکردنی نەخشەی ململانی نێوانیان لەگەڵ ئەمریکا.
هەوڵەکانی ئێران بۆ گەشەدان بەم بەرنامە ئەتۆمێکەی نیگەرانی و ترسێکی زۆری خستۆتە دڵ ئەمریکاو هاوپەیمانانی، ئەم نیگەرانیەش لەو بێباوەریەی ئەمریکایە بەرامبەر ئێران کە دەڵێت بەرنامە ئەتۆمێکەی تەنها بۆ وەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمیە. ئەمریکا لەو باوەڕەدایە کە ئێران زۆر بە چری خەریکی پانتایکردنی ئەتۆمە بۆ وەدەستهێنانی چەکی کۆمکوژ. ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەو باوەڕدان کە دەسەڵاتدارانی ئێران و سوریا هەموو ئەم ململانیەیەی لە ناوچەکە ئەنجامی دەدەن، مەبەستکەی سەرقاڵکردنی جیهان بێت بە کێشەی ترەوەو دوورخسنەوەی فشارەکانی نێودەوڵەتی بێت بەرمابەریان، ئێران بۆ وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی پێویستی بە کاتیکی دیاریکراو هەیە بۆ پانتایکردنی ئەتۆم، بۆیە ململانێ و شەڕێکی وەک ئەمەی نێوان حماس و ئیسرائیل باشترین هەلە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

سوریا کە بەتاکە وڵاتی عەرەبی دژ بە ئەمریکاو پرۆسە ئاشتێکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ناودەبرێت پیویستی بە قەیرانێکی لەم جۆرەی ئێستای لوبنان و فەلەستین هەیە، دەسەڵاتدارانی سوریا باش دەزانن کە تەواوبوون لە عیراق و دەستگرتن بەسەر رەوشی سیاسی لە لوبنان و فەلەستین لە لایەن ئەمریکاوە هەرەشەو مەترسێکانی سەری زیاتر دەکات، بۆیە هەموو هەوڵیکی خۆی دەدات بۆ دوورخسنەوەی فشارەکان و کردنەوەی بەرەی ناکۆکی تازە بۆ ئەمریکا. سوریا کە بە کوشتنی سەرۆک وەزیرانی پێشووی لوبنان تاوانباردەکرێت و بە لایەنێکی ئاکتیڤ لە تێکچونی رەوشی عیراق تاوانبار دەکرێت لە هەموو لایێکەوە گەمارودراوەو تەنها هاوپەیمانێک کە بتوانێت پشتی پێ ببەستێت ئێرانە. وەبەرهەمهێنانی جەکی ئەتۆمی لە لایەن ئێرانەوە زۆر لە هەرەشەکانی سەر سوریا کەم دەکاتەوەو دەشتوانێت کێشەی گەورەتر بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانانی دروست بکات لە ناوچەکە. ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەو باوەڕەدان کە ئەم رەوشەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەوە زۆر خراپتر دەبێت و ئەو کاتە هیچ هێزێکی جیهانی ناتوانێت ڕێگا لە بەرنامەو پلانەکانی ئێران بگرێت لە جیهانی ئیسلام.
وڵاتی ئێران پاش شکستی فەلستەنێکان لە کردنەوەی بەرەێکی گەورە لە گەڵ ئیسرائیل ناجار بوو فشار بێنێتە سەر (حزب اللە) ی هاوپەیمانی لە لوبنان، بەڵام ئەو هەڵە ستراتیجیەی ئەم ڕێکخراوەو بریاردان بۆ چوونە ناو شەر بە بێ هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی لوبنان تۆڵەکردنەوەی بەرفراوانی ئیسرائیل بەدواوە بوو. ئیسرائیل ماوەێکی زۆرە چاوەروانی هەڵەێکی گەورەی لەم جۆرەی (حزب اللە) بوو بۆ ئەوەی بیکاتە بیانووێک بۆ چەککردنی گرووپی (حزب اللە) ی لوبنان و چۆکدانان بەهەموو ئەو وڵات و ڕێکخراوانەی کەبوونەتە جێ مەترسی بۆی.
رەوشی ناوچەکەو ڕووداوە ترسناکەکانی هەموو وڵاتانی تری جیهانیش ناچار دەکات هەڵوێستێکی توند بەرامبەر ڕێکخراوی (حزب اللە) و حەماس وە هەردوو وڵاتی ئێران و سوریا وەربگرن کە بەوە تاوانبار دەکرێن کە سەرچاوەی کێشەکانن لە ناوچەکە. وڵاتی عەرەبستانی سعودی. مسر، ئوردن وە زۆر لە وڵاتانی جیهان لایەنی (حزب اللە) یان تاوانبار کردوە کە دەستپێشخەری ئەم شەرەبووەو بەم کارانەی تەنها خزمەتی ئەو هێزانە دەکات کە ئاڵۆزی لە ناوچەکە درووست دەکەن. زۆر لە هێزە سیاسێکانی ناو لوبنان هەردوو وڵاتی ئێران و سوریا تاوانبار دەکەن کە کێشەی فەلەستین و وڵاتی لوبنانیان کردۆتە مەیدانی شەرو ناکۆکێکانیان لەگەڵ ئەمریکا، بۆیە زۆر بە توندی دژ بەم کارەی ڕێکخراوی حزب اللە وەستاون.

پەرەسەندی شەر بەم شێوەی ئێستای و سووربوونی ئێسرائیل بۆ چەککردن و لێدانی ڕێکخراوی (حزب الله) و حەماس، پاشان سزادانی هەردوو وڵاتی ئێران و سوریا کە بە نەخشەدانەری ئەم کێشانە ناودەبرێن، دەروازەی شەر و پیکدادان لە زۆر وڵاتی تری ناوچەکە دەکاتەوە. تورکیا بە بیانوی شەری پ.ک.ک هەرەشە لە کوردستانی باشور دەکات وسەرچاوەی هەموو ئەو پەلاماردان و هێرشانەی پ.ک.ک دەخاتە سەر ئەستۆی دەسەڵاتدارانی کوردستانی باشور. دوورنیە تورکیا بە بیانووی لەناوبردنی پ.ک.ک هێرشیکی گەورە بکاتە سەر کوردستانی باشور، ئەو کاتە هەموو کارەتەکان تێکەڵ بەیەک دەبن و بە بیناوی هەرەشەکانی ڕێکخراوی (پژاک) دەرگاش بۆ ئێران دەکرێتەوە کە ببێتە بەشیکی ئەم شەرەو هێزەکانی رەوانەی کوردستانی باشور بکات.

بەرفراوانکردنی بەرەکانی شەری نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و سوریا دژ بە ئەمریکا هەرەشەو مەترسێکی گەورەیە بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەکانن بە ڕێگایکێ ئاشتیانە وە دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردنی باری سیاسی ناوچەکە بۆ ماوەێکی نادیار. ئەم بەربڵاکردنەی شەرە بۆ ناوجەکانی تر کوردستان دەخاتە ژێر هەرەشەو موترسیەوە بۆیە دەبێت حکومەتی کوردستان خۆی بۆ هەموو ئەگەر و ڕووداوێک ئامدە بکات، ڕێگاش نەدات بە هیچ لایەنێک ئەو دەسکەوتانەی ئەمرۆ بخاتە ژێر مەترسیەوە.

Shah. wahab@gmail. com